**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٧٦٦٢ لە ٢٠٢٤/٦/١٠**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ژمارە (١٢٩)ی گرێدراو لە ٢٠٢٤/٤/٢٤ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوەی دا:

**پەیڕەوی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**پەیڕەوی پۆلینکردنی بەڵێندەران و دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی (١): پێناسەکان**

مەبەستی ئەم پەیڕەوە لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری پلاندانانی هەرێم.

**چوارەم: بەڵێندەر:**

أ- ئەو کەسە سروشتییەی کاری بەڵێندەرایەتی دەکات، و هەڵگری ناسنامەی پۆلینکردنی بەڵێندەرانە لە هەرێم و ئەندامە لە یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان.

ب- ئەو کۆمپانیایانەی بەڵێندەرایەتی کە کاری بەڵێندەرایەتی دەکەن بە گوێرەی ئەو چالاکییەی لە هەریەك لە گرێبەست و بەڵگەنامەی دامەزراندنی جێگیرکراوە و بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو و بەرکار یان هەر یاسایەك جێگەی بگرێتەوە دامەزراوە و هەڵگری ناسنامەی پۆلینکردنی بەڵێندەرانە و ئەندامی یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستانە.

**پێنجەم: بەڵێندەرایەتی:** گرێبەستێکە لە ڕێگایەوە بەڵێندەر بەرامبەر کرێیەك پابەند دەبێ بە جێبەجێکردنی یەکێك لەم کارانەی خوارەوە:

**أ- بەڵێندەرایەتیی کارەکانی بیناکاریی:**

کارەکانی پەیوەست بە دامەزراندن و فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەکان بە هەموو جۆرەکانی، ڕێگا و پرد و تونێل و هێڵی شەمەندەفەر و فڕۆکەخانە و بەنداو و گەنجینەکان و پرۆژەکانی ئاودێریی و بەزل و بەندەر و کاری تەندروستیی و دامەزراندنی پەیکەری ئاسنین و کاری بیناکاریی تایبەت بە ئاو و ئاوەڕۆ و کارەکانی نۆژەنکردنەوەیان و کاری دیکە کە دەکەوێتە ناو بازنەی ئەم تایبەتکارییە، دەگرێتەوە.

**ب- بەڵێندەرایەتیی كارەكانی كارەبایی و میكانیكی:**

كارەكانی پەیوەست بە بەستن و دانان و نۆژەنكردنەوەی كەلوپەل و ئامێر و وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارە با و وێســتگە كانی پەســتۆكردن و بگۆڕی تەلەفۆن و كارە كانی ســاردكەرەوە و دامەزرا ندنە كارەباییەكان و دامەزراندنەكانی ئاو و ئاوەڕۆ و تاوەر و پێكهاتەی كانزایی و پرۆژەی پیشــەســازیی جۆراوجۆر و نۆژەنكردنەوەیان و كاری دیكە كە دەكەوێتە ناو بازنەی ئەم تایبەتكارییە، دەگرێتەوە.

**شــەشــەم: بەڵێندەرایەتیی لاوەكی:** بەشـێكە لە بەڵێندەرایەتییەكی سـەرەكی كە لەلایەن بەڵێندەرێكی لاوەكی لە ناو هەمان بەڵێندەرایەتییەكە جێبەجێ دەكرێت، بەو مەرجەی پێشــوەختە ڕەزامەندیی نووسراوی خاوەنكار وەربگیرێت بەپێی ڕێنماییە بەركارەكان.

**حەوتەم: بەڵێندەری لاوەكی:** ئەو بەڵێندەرەی كە بەڵێندەرایەتییەكی لاوەكی جێبەجێ دەكات.

**هەشتەم: سەرمایە:** سەرمایەی كۆمپانیای بەڵێندەرایەتی كەلە گرێبەستی دامەزراندنی كۆمپانیا جێگیركراوە.

**نۆیەم: كـارامەیی دارایی:** توانـای دارایی پشــتگیریكراو لەلایەنی كـارگێڕی گشــتی یەكێـك لە بـانكە حكومییە كان یان ئەوانەی لەلایەن بانكی ناوە ندیی عێراقییەوە مۆڵە تدراون بەپێی حوكمە كانی یاسا و ڕێنماییە بەركارەكان.

**دەیەم: لیژنە:** لیژنەی پۆلینكردنی بەڵێندەران كە بەپێی ئەم پەیڕەوە پێكهێنراوە.

**یازدەم: كاری بەجێگەیاندراو:** ئەو كارانەی لەلایەن بەڵێندەرەوە جێبەجێكراون بەپێی ئەو مەرج و ئاكارە هونەرییانەی گرێبەسـتی لەسـەركراوە لەگەڵ دەسـەڵاتی گرێبەسـتكردنی ئاماژەپێكراو لە ڕێنمایی جێبەجێكردنی گرێبەســتكردنە حكومییەكـانی بەركـار، و دەربـارەیـان بڕوانـامەی تەواوكردنی كارەكانیانی لەسەر دەرچووە.

**دوازدەم: خۆتەرخانكار:** ئەو كەسە پیشەوەرەیە كە كاری پیشەكەی لە دامەزراوە حكومییەكان ئەنجام نادات.

**ماددەی (٢): ئامانجەكان :**

ئامانجەكانی ئەم پەیڕەوە بریتییە لە هێنانەكایەی ئەمانەی خوارەوە:

**یەكەم:** پۆلینكردنی بەڵێنـدەران لە هەرێم بەپێی ئەو پســپۆڕیی و پلەیـانەی بەپێی حوكمەكـانی ئەم پەیڕەوە دیاركراون.

**دووەم:** دوورخســتنەوەی بەڵێندەری نالێهاتوو كە توانا و كارامەیی نییە بۆ جێبەجێكردنی كارەكان بەو شێوەیەی داواكراوە لە بەشداریكردنی لە گرێبەستكردنە گشتییەكان.

**ســێیەم:** ئیحـالەكردنی بەڵێنـدەرایەتییەكـان بە گوێرەی گوژمەی بەڵێنـدەرایەتی و پۆلینكراوەكەی بۆ بەڵێندەران بۆ مسۆگەركردنی هێنانەكایەی دادوەریی و شەفافیەت.

**چوارەم:** دانانی ئەو بەڵێندەرانەی پێشێلی پابەندییەكانی گرێبەستكاریی دەكەن بۆ ناو لیستی بێبەشكردن لە بەشداریكردن لە گرێبەستكردنە حكومییەكان.

**پێنجەم:** پشــتیوانیكردنی دەســەڵاتەكـانی گرێبەســتكردن لە جێبەجێكردنی حوكمەكـانی ڕێنمـایی جێبەجێكردنی گرێبەستكردنە حكومییەكانی بەركار.

## بەشی دووەم
## پلەکانی پۆلینکردنی بەڵێندەران

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** پێویستە ئەو مەرج و لێهاتووانەی بەرامبەر هەر پۆلینکراوێك لەوانەی خوارەوە ڕوونکراونەتەوە لە کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتیی کارەکانی بیناکاریی بێتەدی:

**أ- پلەی نایاب:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٧،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٣- یەکەیەکی هونەریی پێکهاتوو بەلای کەم لە (٣) سێ ئەندازیار، یەکێکیان لە پسپۆڕیی ئەندازیاریی مەدەنی بە پلەی ڕاوێژکاریی خۆتەرخانکار، و دووەکەی دیکەش لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاری (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بەو مەرجەی پلەی هەر یەکێکیان لە مۆڵەتدراو کەمتر نەبێت بە پشتگیریی ڕێکخراوی پیشەیی ئەندازیارانی تایبەتمەند.

٤- یەکەیەکی ژمێریاری بە سەرۆکایەتی ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی ڕێکخراوی پیشەیی ژمێریاران و وردبینانی تایبەتمەند لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی مۆڵەتدراوی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بەلای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ب- بەلای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٣٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سی و پێنج ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٨٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشتا ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر بەڵێندەرایەتییەکیان لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٧- تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر پۆلینکردنی لە پلەی یەکەم کە لە (٤) چوار ساڵ کەمتر نەبێت.

٨- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**ب- پلەی یەکەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٣،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- یەکەیەکی هونەریی پێکهاتوو بەلای کەم لە (٢) دوو ئەندازیار، یەکێکیان لە پسپۆڕیی مەدەنی بە پلەی ڕاوێژکاریی خۆتەرخانکار، و ئەوەی دیکەش لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بەو مەرجەی پلەی لە مۆڵەتدراو کەمتر نەبێت بە پشتگیریی ڕێکخراوی پیشەیی ئەندازیارانی تایبەتمەند.

٤- یەکەیەکی ژمێریاری بە سەرۆکایەتی ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی ڕێکخراوی پیشەیی ژمێریاران و وردبینانی تایبەتمەند لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (١٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر بەڵێندەرایەتییەکیان لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**ج- پلەی دووەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (١،٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیار و دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٢،٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار و حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- یەکەیەکی هونەریی پێکهاتوو بەلای کەم لە (٢) دوو ئەندازیار، یەکێکیان خۆتەرخانکار بێت لە پسپۆڕیی ئەندازیاریی مەدەنی بە پلەیەك لە ڕاوێژکار کەمتر نەبێت، و ئەوەی دیکەش لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بەو مەرجەی پلەی لە مۆڵەتدراو کەمتر نەبێت بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- یەکەیەکی ژمێریاری بە سەرۆکایەتی ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی خۆتەرخانکار، بەپشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (١،٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك كۆی گشتی تێچووەكانیان لە (٨،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشت ملیار دینار كەمتر نەبێت، و تێچووی هەر بەڵێندەرایەتییەكیان لە (٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

٧- پیادەكردنی كارەكانی بەڵێندەرایەتی چالاكی سەرەكی كۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**د- پلەی سێیەم:**

١- سەرمایەی كۆمپانیا لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار كەمتر نەبێت.

٢- كارامەی دارایی لە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار كەمتر نەبێت.

٣- كۆمپانیا یەكەیەكی هونەریی هەبێت كە پێكهاتووە بەلای كەم لە (٢) دوو ئەندازیار، یەكێكیان لە پســپۆڕیی ئەندازیاریی مەدەنی پلەكەی لە مۆڵەتدراو كەمتر نەبێت و خۆتەرخانكار بێت، و ئەوەی دیكەش لە یەكێك لە پســپۆڕییەكانی ئەندازیاری (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان ســەرچاوە ئاوییەكان یان تەكنیكی یان ڕووبەر یان بەنداوەكان) بەو مەرجەی پلەی لە پیادەكار (ممارس) كەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان.

٤- ژمێركارێكی خۆتەرخانكار، بە پشتگیریی سەندیكای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتكارێكی یاسایی خۆتەرخانكار، بە پشتگیریی سەندیكای پارێزەرانی كوردستان.

٦- كۆمپانیاكە بە شــێوەیەكی ســەركەوتووانە یەكێك لەم كارانەی لە بڕگەكانی خوارەوە باســكراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای كەم (٣) ســێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەكێكیان لە (١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و پێنج ســەد ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

ب- (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەكێكیان لە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار كەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك كۆی گشتی تێچووەكانیان لە (٦،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیار دینار كەمتر نەبێت، و تێچووی هەر بەڵێندەرایەتییەكیان لە (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

٧- پیادەكردنی كارەكانی بەڵێندەرایەتی چالاكی سەرەكی كۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**هـ- پلەی چوارەم:**

١- سەرمایەی كۆمپانیا لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

٢- كارامەی دارایی لە (١،٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

٣- كۆمپانیا یەكەیەكی هونەریی هەبێت كە پێكهاتووە بەلای كەم لە (٢) دوو ئەندازیار، یەكێكیان لە پسپۆڕیی ئەندازیاریی مەدەنی خۆتەرخانكار پلەكەی لە مۆڵەتدراو كەمتر نەبێت، و ئەوەی دیكەش لە یەكێك لە پســپۆڕییەكانی ئەندازیاری (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان ســەرچاوە ئاوییەكان یان تەكنیكی یان ڕووپێوی یان بەنداوەكان) بەو مەرجەی پلەی لە پیادەكار (ممارس) كەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیكای ئەندازیارانی كوردستان.

٤- ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسـکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سـێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سـەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشـتی تێچووەکانیان لە (٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر یەکێکیان لە (٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**و- پلەی پێنجەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشت سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- کۆمپانیا یەکەیەکی هونەریی هەبێت کە پێکهاتووە لە (٢) دوو ئەندازیار، یەکێکیان لە پسـپۆڕیی ئەندازیاریی مەدەنی خۆتەرخانکار بێت و پلەکەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، و ئەوەی دیکەش لە یەکێك لە پسـپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سـەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بەو مەرجەی پلەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، بە پشـتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسـکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سـێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج سـەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سـەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**دووەم:** پێویسـتە ئەو مەرج و لێهاتووانەی خوارەوە بۆ پۆلینکردنی بەڵێندەرانی (کەسـانی سـروشـتی) کارەکانی بیناکاریی بێتەدی:

**أ- پلەی شەشەم:**

١- کارامەیی دارایی لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە ئەندازیارێکی هەبێت لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان ســەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بەو مەرجەی پلەی لە پیادەکاری خۆتەرخانکار کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٣- بەڵێندەرەکە ژمێرکارێکی هەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٤- بەڵێندەرەکە بە شـێوەیەکی ســەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باســکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) ســێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار ســەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ســەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٥- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت بە پلەی مۆڵەتدراو یان ڕاوێژکار لە یەکێك لە پســپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بە پشــتگیریی ســەندیکای ئەندازیارانی کوردســتان لەگەڵ پێشــکەشــکردنی کارامەی دارایی باسکراو، ئەوا لە مەرجی پێشکەشکردنی کارە بەجێگەیاندراوەکانی دیارکراو لە بڕگەی (٤)ی ئەم بەندە دەبووردرێت.

**ب- پلەی حەوتەم:**

١- کارامەی دارایی لە (٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠) شەش سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە ئەندازیارێکی هەبێت لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان ســەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بەو مەرجەی پلەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٣- بەڵێندەرەکە ژمێرکارێکی هەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٤- بەڵێندەرەکە بە شـێوەیەکی ســەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باســکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠) ســێ ســەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشــتی تێچووەکانیان لە (١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و پێنج ســەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٥- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت بە پلەی مۆڵەتدراو یان ڕاوێژکار لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووبەر یان بەنداوەکان) بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لەگەڵ پێشکەشکردنی کارامەی دارایی باسکراو، ئەوا لە مەرجی پێشکەشکردنی کارە بەجێگەیاندراوەکانی دیارکراو لە بڕگەی (٤)ی ئەم بەندە دەبووردرێت.

**ج- پلەی هەشتەم:**

١- کارامەی دارایی لە (٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە ئەندازیارێکی هەبێت لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٣- بەڵێندەرەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٤- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت بە پلەی پیادەکار لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لەگەڵ پێشکەشکردنی کارامەی دارایی باسکراو، ئەوا لە مەرجی پێشکەشکردنی کارە بەجێگەیاندراوەکانی دیارکراو لە بڕگەی (٣)ی ئەم بەندە دەبووردرێت.

**د- پلەی نۆیەم:**

١- کارامەی دارایی لە (٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کاری دوو بەڵێندەرایەتی بەجێگەیاندبێت کە تێچووی هەر یەکێکیان لە (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت لە یەکێك لە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاریی (مەدەنی یان ئاودێریی و بەزل یان سەرچاوە ئاوییەکان یان تەکنیکی یان ڕووپێوی یان بەنداوەکان) بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لەگەڵ پێشکەشکردنی کارامەی دارایی باسکراو، ئەوا لە مەرجی پێشکەشکردنی کارە بەجێگەیاندراوەکانی دیارکراو لە بڕگەی (٢)ی ئەم بەندە دەبووردرێت.

**هـ- پلەی دەیەم:**

کارامەیی دارایی لە (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

**سێیەم:** دەکرێت کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی پۆلین بکرێن لە پلەکانی پۆلینکراو لە پلەی (شەشەم) تاوەکو پلەی (دەیەم) لە کاتی هاتنەدی ئەو مەرجانەی لە بڕگەکانی (أ) و (ب) و (ج) و (د) و (هـ)ی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە هاتوون بە گوێرەی هەر حاڵەتێك لە حاڵەتەکان سەربار ی پێشکەشکردنی سەرمایەیەك لە (٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

**چوارەم:** پێویستە ئەو مەرج و لێهاتووانەی بەرامبەر هەر پۆلێنکراوێکی خوارەوە ڕوونکراونەتەوە لە کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتیی کارەکانی کارەبایی و میکانیکی بێتەدی:

**أ- پلەی نایاب:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٧،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٣- یەکەیەکی هونەریی پێکهاتوو بەلای کەم لە (٣) سێ ئەندازیار لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، یەکێکیان ڕاوێژکاریی خۆتەرخانکار بێت، و دووەکەی دیکەش پلەیان لە مۆڵەتدراو کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- یەکەیەکی ژمێریاری بە سەرۆکایەتی ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی مۆڵەتدراو و خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاند بێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٢٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست و پێنج ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٨٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشتا ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر یەکێکیان لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٧- تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر پۆلینکردنی لە پلەی یەکەم کە لە (٤) چوار ساڵ کەمتر نەبێت.

٨- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**ب- پلەی یەکەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٣،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- یەکەیەکی هونەریی پێکهاتوو بەلای کەم لە (٢) دوو ئەندازیار لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، یەکێکیان ڕاوێژکاریی خۆتەرخانکار بێت، و ئەوەی دیکەش بە پلەی مۆڵە تدراو، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- یەکەیەکی ژمێریاری بە سەرۆکایەتی ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی مۆڵەتدراو و خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (١٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر یەکێکیان لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**ج- پلەی دووەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (١،٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیار و دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٢،٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار و حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- یەکەیەکی هونەریی پێکهاتوو بەلای کەم لە (٢) دوو ئەندازیار لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، یەکێکیان ڕاوێژکاری خۆتەرخانکار بێت، و ئەوەی دیکەش بە پلەی مۆڵەتدراو، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- یەکەیەکی ژمێریاری بە سەرۆکایەتی ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی مۆڵەتدراو و خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (١،٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٢،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٨،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشت ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر یەکێکیان لە (٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**د- پلەی سێیەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەی دارایی لە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٣- کۆمپانیا یەکەیەکی هونەریی هەبێت کە پێکهاتووە لە (٢) دوو ئەندازیار لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، یەکێکیان خۆتەرخانکار بێت بە پلەیەك کەمتر نەبێت لە مۆڵەتدراو، و ئەوەی دیکەش پلەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٦،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر یەکێکیان لە (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**هـ- پلەی چوارەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەیی دارایی لە (١،٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- کۆمپانیا یەکەیەکی هونەریی هەبێت کە پێکهاتووە لە (٢) دوو ئەندازیار لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، یەکێکیان خۆتەرخانکار بێت لە پلەی مۆڵەتدراو کەمتر نەبێت، و ئەوەی دیکەش پلەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٤،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار ملیار دینار کەمتر نەبێت، و تێچووی هەر یەکێکیان لە (٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**و- پلەی پێنجەم:**

١- سەرمایەی کۆمپانیا لە (٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- کارامەیی دارایی لە (٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشت سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- کۆمپانیا یەکەیەکی هونەریی هەبێت کە پێکهاتووە لە (٢) دوو ئەندازیار لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، یەکێکیان خۆتەرخانکار بێت پلەکەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، و ئەوەی دیکەش پلەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٤- ژمێرکارێکی خۆتەرخانکار، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٥- مشورەتکارێکی یاسایی، بە پشتگیریی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.

٦- کۆمپانیاکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٧- پیادەکردنی کارەکانی بەڵێندەرایەتی چالاکی سەرەکی کۆمپانیا بێت بەپێی بڕوانامەی دامەزراندنی.

**پێنجەم:** پێویستە ئەو مەرج و لێهاتووانەی خوارەوە بۆ پۆلینکردنی بەڵێندەرانی (کەسانی سروشتی) کارەکانی کارەبایی و میکانیك بێتەدی:

**أ- پلەی شەشەم:**

١- کارامەیی دارایی لە (٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە ئەندازیارێکی هەبێت لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، پلەی لە پیادەکاری خۆتەرخانکار کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٣- بەڵێندەرەکە ژمێرکارێکی هەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٤- بەڵێندەرەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٣) سێ بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ج- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٥- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت بە پلەی مۆڵەتدراو یان ڕاوێژکار لە پسـپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کورد ستان، لەگەڵ پێشکە شکردنی کارامەی دارایی با سکراو، ئەوا لە مەرجی پێشـکەشـکردنی کارە بەجێگە یاندراوەکانی دیارکراو لە بڕگەی (٤)ی ئەم بەندە دەبوردرێت.

**ب- پلەی حەوتەم:**

١- کارامەیی دارایی لە (٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠) شەش سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە ئەندازیارێکی هەبێت لە پسـپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، پلەی لە پیادەکار کەمتر نەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٣- بەڵێندەرەکە ژمێرکارێکی هەبێت، بە پشتگیریی سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێم.

٤- بەڵێندەرەکە بە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسـکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سـێ سـەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشـتی تێچووەکانیان لە (١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و پێنج سـەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٥- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت بە پلەی مۆڵەتدراو یان ڕاوێژکار لە پسـپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، بە پشتگیریی سەندیکای ئەندازیارانی کورد ستان، لەگەڵ پێشکە شکردنی کارامەی دارایی با سکراو، ئەوا لە مەرجی پێشـکەشـکردنی کارە بەجێگەیاندراوەکانی دیاریکراو لە بڕگەی (٤)ی ئەم بەندە دەبوردرێت.

**ج- پلەی هەشتەم:**

١- کارامەیی دارایی لە (٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠) چوار سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە ئەندازیارێکی هەبێت لە پسـپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، بە پشـتگیریی سـەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.

٣- بەڵێندەرەکە بە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە یەکێك لەم کارانەی لە بڕگەکانی خوارەوە باسـکراون بەجێگەیاندبێت:

أ- بە لای کەم (٢) دوو بەڵێندەرایەتی، تێچووی هەر یەکێکیان لە (٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو سـەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

ب- چەند بەڵێندەرایەتییەك کۆی گشتی تێچووەکانیان لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار کەمتر نەبێت.

٤- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت لە پسـپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، بە پشـتگیریی سـەندیکای ئەندازیارانی کوردسـتان، لەگەڵ پێشـکەشـکردنی کارامەی دارایی باسـکراو، ئەوا لە مەرجی پێشکەشکردنی کارە بەجێگەیاندراوەکانی دیاریکراو لە بڕگەی (٣)ی ئەم بەندە دەبوردرێت.

**د- پلەی نۆیەم:**

١- کارامەیی دارایی لە (٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٢- بەڵێندەرەکە بە شـێوەیەکی سـەرکەوتووانە کاری دوو بەڵێندەرایەتی بەجێگەیاندبێت کە تێچووی هەر یەکێکیان لە (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

٣- ئەگەر بەڵێندەرەکە ئەندازیار بێت لە پسـپۆڕیی کارەبا یان میکانیك، بە پشـتگیریی سـەندیکای ئەندازیارانی کوردسـتان، لەگەڵ پێشـکەشـکردنی کارامەی دارایی باسـکراو، ئەوا لە مەرجی پێشکەشکردنی کارە بەجێگەیاندراوەکانی دیاریکراو لە بڕگەی (٢)ی ئەم بەندە دەبوردرێت.

**هـ- پلەی دەیەم:**

کارامەیی دارایی لە (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

**شـەشـەم:** دەکرێت کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی لە پسپۆڕیی کارەبا یان میکانیك پۆلین بکرێن لە پلەکانی پۆلینکراو لە پلەی (شەشەم) تاوەکو پلەی (دەیەم) لە کاتی هاتنەدی ئەو مەرجانەی لە بڕگەکانی (أ) و (ب) و (ج) و (د) و (هـــــ)ی بەندی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە هاتوون بەگوێرەی هەر حاڵەتێك لە حاڵەتەکان ، سـەرباری پێشـکەشـکردنی سـەرمایەیەك لە (٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو سـەد ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

**ماددەی (٤):**

تێچووی ئیحالەکردنی بەڵێندەرایەتیی بیناکاریی و کارەبایی و میکانیك بۆ بەڵێندەران بەپێی پلەکانی پۆلینکردن دەبێت ئەوانەی لەخوارەوە دیارکراون:

أ- **پلەی نایاب**: بۆ بەڵێندەرایەتییەکان تێچووی هەرچەند بێت، بەو مەرجەی لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیار دینار کەمتر نەبێت.

ب- **پلەی یەکەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (٢٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بیسـت و پێنج ملیار دینار زیاتر نییە.

ج- **پلەی دووەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (٢٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) بیست ملیار دینار زیاتر نییە.

د- **پلەی سـێیەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پازدە ملیار دینار زیاتر نییە.

هـــ- **پلەی چوارەم** : بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیار دینار زیاتر نییە.

و- **پلەی پێنجەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیار دینار زیاتر نییە.

ز- **پلەی شەشەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیار دینار زیاتر نییە.

ح- **پلەی حەوتەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار زیاتر نییە.

گ- **پلەی هەشتەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار زیاتر نییە.

ی- **پلەی نۆیەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیار دینار زیاتر نییە.

ك- **پلەی دەیەم**: بۆ ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچووی یەك بەڵێندەرایەتیی لە (٧٥٠،٠٠٠،٠٠٠) حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نییە.

## بەشی سێیەم
## لیژنەی پۆلینکردنی بەڵێندەران

**ماددەی (٥):**

بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لەسەر پێشنیاری وەزیر، لیژنەیەك بە ناوی (لیژنەی پۆلینکردنی بەڵێندەران) لەمانەی خوارەوە پێکدەهێندرێت:

أ- نوێنەرێکی وەزارەت، کە پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ سەرۆك.

ب- نوێنەرێکی ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لە هەرێم، کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی بن/ ئەندام:

١- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.

٢- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

٣- وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٤- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی/ بەڕێوەبەری گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.

ج- نوێنەری یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان.

د- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی پۆلینکردنی بەڵێندەران لە وەزارەت/ ئەندام و بڕیاردەری لیژنە.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** لیژنە بەلای کەم مانگی یەکجار لەسەر بانگهێشتی سەرۆکەکەی کۆدەبێتەوە.

**دووەم:** ژمارەی یاسایی لیژنە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی تەواو دەبێت.

**سێیەم:** بڕیارەکانی لیژنە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان وەردەگیرێت، و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان، ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆکی لیژنە دەنگی لەگەڵداوە.

**ماددەی (٧):** لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم:** پۆلینکردن و دیارکردنی پلەکانی بەڵێندەران بە گوێرەی کارامەیی و لێهاتوویان بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە، بەو مەرجەی بڕوانێتە داواکاری پێشکەشکراو بە پەسەندکردنی یان ڕەتکردنەوەی لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە.

**دووەم:** تێڕوانین لە داواکارییەکانی دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن لە دانانی یان لابردنی ناوی بەڵێندەران لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن لە دوای هاتنەدی مەرج و پێداویستییەکانی دانانی لە یان لابردنی.

**سێیەم:** تێڕوانین لە داواکارییەکانی دووبارە پێدانەوەی ناسنامەی پۆلینکردن بە بەڵێندەران سەر لەنوێ لە هەمان پلەی پێشوو یان لە پلەیەکی کەمتر، پاڵپشت بەو دۆکیومێنت و بەڵگەنامانەی سەلماندن کە پشتگیریی پلەی داواکراو دەکەن بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە، بەو مەرجەی:

أ- هەڵوە شاندنەوەی نا سنامە هۆکارەکەی پێ شێلکردنی بەڵێندەر نەبێت بۆ ڕێ ساکانی ڕەفتاری پی شەیی دەقنووسکراو لە یاسا پەیوەندیدارەکان یان بە هۆیەوە حوکم نەدرابێت.

ب- هەڵوەشاندنەوەی ناسنامە بە هۆی پاکتاوکردنی کۆمپانیاوە نەبوو بێت.

جـ- حوکمی جاڕدانی مایەپووچبوونی بەڵێندەرەکە دەرنەکرابێت.

د- بەڵێندەرەکە تاوانێکی ئابڕووبەری ئەنجام نەدابێت.

هـ- ناسنامەی بەڵێندەرەکە وەرنەگیرابێتەوە و پۆلینکردنی بە شێوەی هەمیشەیی نەسڕابێتەوە بە هۆی دووبارە دانانی ناوەکەی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن.

و- بەڵێندەرەکە (کەسی سروشتی) نەمردبێت.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر لیژنە ڕێکسازیی تایبەت بە بەڵگەنامەی هاوپێچ بە داواکارییەکانی بەڵێندەران و هەر ڕێکسازییێکی دیکە کە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە پێویستی دەکات، دەربکات، و ئەم ڕێکسازییانە لە ڕێکەوتی پەسەندکردنیان لەلایەن وەزیرەوە بەرکار دەبن.

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** لیژنە لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی دەتوانێت ئەمانەی خوارەوە بکات:

أ- پەسەندکردنی بەڵگەنامەی ئەو کارانەی لەلایەن بەڵێندەرەوە لە دەرەوەی عێراق جێبەجێکراون، بەو مەرجەی بۆ زمانی کوردی یان عەرەبی وەرگێڕدرابێت و بەپێی یاسا پەسەند کرابێت.

ب- گەڕان بەدوای لێهاتوویی بەڵێندەر بۆ دڵنیابوون لە توانای دارایی و لێهاتوویی هونەری بۆ جێبەجێکردنی کارەکان لە وادە دیارکراوەکانیان بەپێی مەرج و ئاکارە داواکراوەکان، و لەم پێناوەشدا دەتوانێت داوای زانیاری و داتا لە جۆرەها لایەن بکات.

ج- پشتبەستن بە شارەزا و لایەنی ڕاوێژکاریی پسپۆڕیی ناوخۆ یان بیانی لەکاتی پێویست و بە ڕەزامەندیی وەزیر.

**دووەم:** پێویستە لەسەر لیژنە کەشفی پێگەیی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی ئەنجام بدات ئەوانەی داوا دەکەن پلەی نایابیان پێبدرێت بۆ دڵنیابوون لە هاتنەدیی لێهاتووییە پێویستەکان.

## بەشی چوارەم
## لیژنەی تێڕوانین لە نارەزایەتییەکان

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لەسەر پێشنیاری وەزیر، لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی تێڕوانین لە نارەزایەتییەکان) پێکدەهێندرێت، بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەتی پلاندانانی هەرێم، و ئەندامێتیی نوێنەری یەکێتیی بەڵێندەرانی کوردستان. و فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلینکردنی بەڵێندەرانیش دەبێتە بڕیاردەری لیژنەکە.

**دووەم:** نارەزایەتی دەربڕین لەسەر بڕیاری لیژنە لەلای لیژنەی (تێڕوانین لە نارەزایەتییەکان) لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ دەبێت لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی لایەنی پەیوەست بە بڕیارەکە.

**سێیەم:** لیژنەی (تێڕوانین لە نارەزایەتییەکان) دەڕوانێتە ئەو نارەزایەتییەی پێشکەشی کراوە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هاتنی وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربارەی داواکاری نارەزایەتییەکە، و بڕیارەکەش دەبێت وەزیر پەسەندی بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی بڕیارەکە لە نووسینگەکەی، و لەلایەنی کارگێڕییەوە بە کۆتایی هەژمار دەکرێت.

**چوارەم:** بڕیاری وەزیر شیاوی تانەلێدان دەبێت لەلای دادگەی کارگێڕیی تایبەتمەندەوە.

## بەشی پێنجەم
## ڕێکارەکانی پۆلینکردن و هەموارکردن و نوێکردنەوەی ناسنامە

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** داواکارییەکانی ئەو بەڵێندەرانی بە نیازن بۆ یەکەمجار پۆلین بکرێن یان بە نیازن پلەی پۆلینکردنیان هەموار بکرێت یان ناسنامەی پۆلینکردن نوێ بکەنەوە، پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلینکردنی بەڵێندەران دەکرێت.

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتیی پۆلینکردنی بەڵێندەران بە مانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

أ- وردبینیکردنی داواکارییەکان و دڵنیابوون لە ئاستنی هاتنەدی مەرجەکانی یاسایی تیایاندا.

ب- وردبینیکردنی بەڵگەنامە کەسێتییەکانی کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی و دامەزرێنەر و بەشداربووەکانیان و بەڕێوەبەرە ڕێپێدراوەکان و بەڵێندەرەکان.

ج- بەرزکردنەوەی داواکارییەکانی تایبەت بە پۆلینکردن و هەمواری پلەکانی پۆلینکردن بۆ لیژنەی پۆلینکردنی بەڵێندەران بۆ تێڕوانینیان لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی لە بەڕێوەبەرایەتی بە بێ کەموکورتی.

د- وەرگرتنی ڕەسم بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.

هـــ- دەرکردنی ناسنامەی پۆلینکردنی بەڵێندەران و نوێکردنەوەیان لە دوای پێشکەشکردنی بەڵگەنامە پێویستەکان.

و- ئامادەکردنی داتابەیسێك دەربارەی بەڵێندەران، و پێدانی زانیاری بە لایەنی تایبەتمەندی پەیوەندیدار لە کاتی داواکردنی.

ز- وەرگرتن و بەدواداچوونی داواکارییەکانی وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان تایبەت بە دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن.

ح- دەرکردنی گشتاندنی تایبەت بە دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن و لابردنیان لە ناوی بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.

گ- دەرکردنی پشتگیریی تایبەت بە دروستیی دەرچوونی ناسنامەی پۆلینکردنی بەڵێندەران.

**سێیەم:** مەرجە بۆ وەرگرتنی داواکاری پۆلینکردن و دیاریکردنی پلە، ئەو بەڵگەنامە و دۆکیومێنتە فەرمییانە پێشکەش بکرێن کە پێویستن بۆ چەسپاندنی بوونی یاسایی بەڵێندەر، بەو مەرجەی بەڵگەنامەکان ڕەسەن یان پەسەندکراوبن لەلایەن ئەو لایەنانەی بەپێی یاساوە پەیوەندیدارن و پڕکردنەوەی ئەو فۆڕمەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەدەکرێت.

**چوارەم:** کرێی پۆلینکردن بۆ یەکەمجار و هەمواری پلەی پۆلینکردن و نوێکردنەوەی ناسنامەی پۆلینکردن بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە وەردەگیرێت:

**بڕە پارەکان بە هەزار دینار**

| پلە / کرێ | نایاب | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **کرێی پۆلینکردن یان هەموارکردنی پلە** | ٤٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٥٠٠ | ١٢٥٠ | ١٠٠٠ | ٧٥٠ | ٥٠٠ | ٤٠٠ | ٣٠٠ | ٢٥٠ | ٢٥٠ |
| **کرێی نوێکردنەوەی ناسنامە** | ٢٠٠٠ | ٧٥٠ | ٥٠٠ | ٤٠٠ | ٣٠٠ | ٢٠٠ | ١٥٠ | ١٥٠ | ١٥٠ | ١٥٠ | ١٥٠ |

**پێنجەم:** لە حاڵەتی لەدەستدانی ناسنامەی پۆلینکردنی پێدراو بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە، ئەوا لەسەر داوای بەڵێندەر ناسنامەیەکی جێگرەوەی لەدەستدراوەکە دەردەکرێت، و بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ- لەلای لایەنی تایبەتمەند هەواڵی لەدەستدانی بدرێت.

ب- جاڕدانی لەدەستدانی ناسنامەکە لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوبەناوە ناوخۆییەکان.

ج- بەسەرچوونی ماوەیەك بەسەر ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە لە (١٥) پازدە ڕۆژ کەمتر نەبێت.

د- پێشکەشکردنی بەڵێننامەیەکی نووسراو بە هێنان و ڕادەستکردنەوەی ناسنامەکە لە حاڵەتی دۆزینەوەی.

هـ- دانی کرێی دەرکردنی ناسنامەی جێگرەوەی لەدەستدراو کە (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینارە.

**شــەشــەم:** لە حاڵەتی لەناوچوونی ناســنامەی پۆلینکردن ئەوەی لە بڕگەی (هـــ)ی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووســکراوە، ئەوا لەســەر داوای بەڵێندەر جێگرەوەکی بۆ دەردەکرێت، ئەویش لە دوای دانی کرێی دەرکردنی ناســنامەی (جێگرەوەی لە ناوچوو) کە (١٠٠،٠٠٠) ســەد هەزار دینارە لەگەڵ گەڕاندنەوەی ناسنامە لەناوچووەکە.

**حەوتەم:** لە حاڵەتی دەرکردنی نا سنامەی پۆلینکردنی دەقنوو سکراو لە بڕگەی (هـــ)ی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە بەهۆی گۆڕینی ناوی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا یان گۆڕینی ناوی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی یان هەر هەموارێکی دیکە لەسەر گرێبەستەکەی، ئەوا کرێی دەرکردنی ناسنامەی نوێ بە بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار وەردەگیرێت، لەگەڵ گەڕاندنەوەی ناسنامە کۆنەکە.

**هەشــتەم:** لە کاتی دواکەوتنی بەڵێندەر لە نوێکردنەوەی ناســنامەی پۆلینکردن، ئەوا لە بڕی هەر ســاڵێکی دواکەوتن، بڕە پارەیەکی لێوەردەگیرێت هاو تابێت لەگەڵ (٣٠%)ی بڕە پارەی کرێی نوێکردنەوەی پلەی پۆلینکراوەکەی. بۆ ئەم مەبەســتەش، هەر ماوەیەکی دواکەوتن لە نوێکردنەوە کەمتر بێت لە یەك ساڵ، بە ساڵێکی تەواو هەژمار دەکرێت.

**نۆیەم:** ئەو بڕە پارانەی لە بەندەکانی (چوارەم) و (پێنجەم) و (شەشەم) و (حەوتەم) و (هەشتەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراون وەك داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتیی هەرێم تۆمار دەکرێن.

**ماددەی (١١):**

ناسنامەی پۆلینکردنی دەقنووسکراو لە بڕگەی (هــ)ی بەندی (دووەم)ی ماددەی (١٠)ی ئەم پەیڕەوە، بۆ ماوەی (٣) ســێ ســاڵ لە ڕێکەوتی دەرکردنی بەرکار دەبێت، و بەپێی ئەو ڕێکســازییانەی لیژنە دەریان دەکات شیاوی نوێکردنەوە دەبێت.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** ئەو بەڵێنــدەرەی لیژنە یەکەمجــار پۆلینکردنی ڕەتــدەکــاتەوە بە هۆی نەبوونی هەنــدێــك لەو مەرجــانەی تیــایــدا داواکراوە، دەتوانێــت کەموکوڕی و مەرجە پێویســتەکــان تەواو بکات. و ئەو مــاوەیەکی بڕیــاردراوە بۆ پێــدانی ڕەزامەنــدیی دەقنووســکراو لە بڕگەی (ج)ی بەنــدی (دووەم)ی مــاددەی (١٠)ی ئەم پەیڕەوە، لە ڕێکەوتی تەواوکردنی کەموکوڕییەکــان یــان پێشــکەشــکردنی داواکارییەکی نوێ، هەژمار دەکرێت.

**دووەم:** لە حاڵەتی لەدەستدانی بەڵێندەر بۆ یەکێك لە مەرجەکانی ئەو پلەیەی تیایدا پۆلینکراوە، پێویستە لەســەری لە ماوەی (٦٠) شــەســت ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی، تەواوی بکات، بە پێچەوانەوە چاوخشاندنەوە دەکرێت بە پلەکەی.

**ســێیەم:** لەگەڵ رەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگەی لاوەکی (٧) لە بڕگەی (أ)ی بەندی (یەکەم)ی ماددەی (٣)ی ئەم پەیڕەوە، نابێت پلەی پۆلینکردنی بەڵێندەر بۆ زیاتر لە دوو پلەی بەرزتر هەموار بکرێت و لە دوای بەسەرچوونی ماوەیەك کەمتر نەبێت لە دوو ساڵ لە پۆلینکردنی لە پلەی ئێستاکەی.

**چوارەم:** ئەو کـارانەی پـاش دوایین پلەی پۆلینکراوی بەڵێنـدەر بەجێگەیـانـدراون دەبنە بنەمـا بۆ هەموارکردنی پلەی پۆلینکردنەکەی.

**پێنجەم: پۆلینکردنی:**

أ- بەڵێندەر (کەسـی سـروشـتی) لەوانەی ئەندازیار نین، بۆ یەکەمجار نابێت پلەکەی لە پلەی (دەیەم) زیاتر بێت بۆ بەڵێندەرایەتی بیناکاریی یان کارەبایی یان میکانیکی.

ب- کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی نابێت بە پلەیەك کە زیاتر بێت لە پلەی پێنجەم بۆ پسـپۆڕیی بیناکاریی یان کارەبایی یان میکانیك.

ج- بەڵێندەر (کەسی سروشتی) نابێت بۆ زیاتر لە یەك پسپۆڕیی.

**شـەشـەم:** دەکرێت کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی بۆ زیاتر لە پسـپۆڕیی (بیناکاریی) یان (کارەبایی و میکانیکی) پۆلین بکرێن ئەگەر ئەو مەرجانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە پێویستن لێ بێتەدی.

**حەوتەم:** نابێت نێوانی هەردوو سـیفەتی بەڵێندەر (کەسـی سـروشـتی) و بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیایەك، کۆبکرێنەوە، بۆ مەبەستی وەرگرتنی پلەی پۆلینکردن.

**ماددەی (١٣):**

پلەی پۆلینکردنی بەڵێندەران لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێتەوە:

**یەکەم:** دووجار دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن.

**دووەم:** پاکتاوکردنی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی.

**سێیەم:** پێدانی ناسنامە پاڵپشت بە بەڵگەنامەیەك کە دواتر دەسەلمێنرێت ساختەکراوە.

**چوارەم:** ئەگەر بەڵێندەر تاوانێکی ئابڕووبەر ئەنجام بدات.

**پێنجەم:** مردنی بەڵێندەر (کەسی سروشتی).

**شەشەم:** بە نووسراو بەڵێندەر داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات.

**حەوتەم:** گۆڕینی چالاکیی کۆمپانیا بۆ چالاکییەکی دیکە بێجگە لە بەڵێندەرایەتی.

**هەشتەم:** لەدەستدانی بەڵێندەر بۆ ئەو مەرج و لێهاتووانەی پێشتر لەسەر بنەمایان پۆلینکراوە.

**نۆیەم:** دەرچوونی حوکمی جاڕدانی مایەپووچبوون لەسەر بەڵێندەر.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** لە حاڵەتی ئەوەی دامەزرێنەر یان یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی و بەڵێندەر ئەندازیار بێت یان ژمێرکار یان پارێزەر، ئەوا لەناو میلاکی پێویسـت بە گوێرەی پێداویسـتی پلەکە، هەژمار دەکرێت.

**دووەم:** شـارەزایی و کاری بەجێگەیاندراوی پێشـوو بۆ دامەزرێنەری کۆمپانیا (پرۆژەی تاکەکەسـی) بۆ مەبەستەکانی پێدانی پلەی پۆلینکردن، هەژمار دەکرێت.

**سێیەم:** شارەزایی و کارەکانی یەکێك یان زیاتر لە دامەزرێنەرەکان لە بواری بەڵێندەرایەتی لە کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی بێجگە لە (پرۆژەی تاکەکەسی) بۆ مەبەستەکانی پێدانی پلەی پۆلینکردنی کۆمپانیا، هەژمار دەکرێت.

**چوارەم:** ئەو دامەزرێنەرانەی کۆمپانیا کە لە هەردوو بەندی (دووەم) و (سێیەم)ی ئەم ماددەیە باسکراون، ئەوانەی شـارەزاییەکانیان لە پۆلینکردنی کۆمپانیاکە هەژمارکراوە، بۆیان نییە شـارەزاییەکانیان لە کۆمپـانیـای پۆلینکراو بگوازنەوە و بۆ مەبەسـتی پۆلینکردن یـان هەمواری پلەی پۆلینکردنی کۆمپانیایەکی دیکە بەکاربهێنن، بێجگە لەحاڵەتی لێکجیابوونەوەی تەواو لە کۆمپانیای پێشـوو و دامەزراندنی کۆمپانیایەکی دیکەی نوێ.

## بەشی شەشەم

## دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم:** وەزیر لەسـەر داواکارییەکی هۆداری وەزیری تایبەتمەند یان سـەرۆکی لایەنی نەبەسـتراو بە وەزارەت یان پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ، و بە ڕا سپاردەی لیژنەی پۆلینکردن، دەتوانێـت نـاوی کۆمپـانیـای بەڵێـندەرایەتی و نـاوی بەڕێوەبەری ڕێپێـدراوی و نـاوی بەڵێـندەری پۆلینکراو لە گشت جۆرەکانی گرێبە ستەکان و ناوی کۆمپانیا و ناوی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی و ناوی بەڵێندەری پۆلین نەکراو لە گرێبەسـتەکانی بەڵێندەرایەتی، بخاتە ناو لیسـتی بێبەشـکردن لە بەشـداریکردن بۆ ماوەی (١) یەك سـاڵ بۆ (٢) دوو سـاڵ لە کاتی سـەلماندنی یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ- مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیا بیانییانەی پەیوەندییان لەگەڵ پچڕێندراوە (المقاطعة).

ب- پێدانی بەرتیل (رشوة) بە یەکێك لە کارمەندانی حکومەت یان دەستتێکەڵکردن لەگەڵی.

ج- هەڵسـان بە سـاختەکردن یان گۆڕینی (تحریف) بەڵگەنامەکانی تەندەر یان هەر بەڵگەنامەیەك لە بەڵگەنامەکانی گرێبەست.

د- پێشکەشکردنی زانیاری یان پرسی پێچەوانە بە ڕاستی لەوەی پەیوەستە بەو کارەی بۆی ئیحالەکراوە.

هـ- سەرپێچیکردنی ئەو مەرجانەی گرێبەست یان ئەو ئاکارە هونەرییانەی گرێبەستی لەسەرکراوە.

و- پابەندنەبوون بە مۆڕالی پیشە بە گرتنەبەری شێوازەکانی ململانێی ناڕەوا.

ز- واژوونەکردنی گرێبەست لە دوای بە نووسراو پێڕاگەیاندنی بە بڕیاری ئیحالەکردن.

ح- لێوەرگرتنەوەی کـار بە هۆی سـەلمـانـدنی دواکەوتن (التلكؤ) لە جێبەجێکردنی گرێبەسـت یـان پێشێلکردنی پابەندییەکانی گرێبەست.

گ- گرێبە ستکردن لەگەڵ دە ستی دووەم (من الباطن) یان دە ستهەڵگرتن لە گرێبە ست بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی نووسراوی پێشوەختەی خاوەنکار.

**دووەم:** ماوەی دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی وەزاریی لەبارەیەوە هەژمار دەکرێت.

**سێیەم:** بڕیاری دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن بەسەر فەرمانەکانی ئیحالەکردن و گرێبەستی واژووکراو بەر لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی وەزیر بە بێبەشکردن بەرکار نابێت.

**چوارەم:** بە تەواوبوونی ماوەی دیارکراو لە فەرمانی دانانی ناوی بەڵێندەر و ناوی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو لە لیستی بێبە شکردن لە بە شداریکردن لادەبرێت لە دوای پێشکە شکردنی داواکارییەکی نوو سراو لەلایەن بەڵێندەرەوە بە لیژنەی پۆلێنکردنی بەڵێندەران و پێویستە لەسەر لیژنە ڕەزامەندی بدات لەسەر داواکارییەکە یان ڕەتی بکاتەوە لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی گەیشتنی داواکارییەکە بۆی، و لە حاڵەتی وەڵامنەدانەوەی لەو ماوەیەی باسکراوە داواکارییەکە بە ڕەزامەندیی لەسەردراو دادەندرێت.

**پێنجەم:** دانانی لە لیستی بێبەشکردنی لە بەشداریکردن ئەمانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

أ- مامەڵەنەکردن لەگەڵ بەڵێندەر لە ماوەی دانانی لە لیستەکە.

ب- یەك پلە هێنانەخوارەوەی پلەی پۆلینکردنی بەڵێندەر بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ و لە ڕێکەوتی لابردنی ناوی لە لیستەکە بەرکار دەبێت.

ج- هەڵوەشاندنەوەی پلەی پۆلینکردنی لە حاڵەتی ئەوەی بۆ جاری دووەم ناوی بخرێتە ناو لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن.

**شەشەم:** بەڕێوەبەرایەتیی پۆلینکردنی بەڵێندەران لیستی ئەو بەڵێندەرانەی خراونەتەناو لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن لای خۆی دەپارێزێت لەگەڵ بەردەوام نوێکردنەوەی و بڵاوکردنەوەی لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنیی وەزارەت.

**ماددەی (١٦):**

پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکار لە حاڵەتی هاتنەدیی یەکێك لەو حاڵەتانەی لە بەندی (یەکەم)ی ماددەی (١٥)ی ئەم پەیڕەوە دەقنووسکراون، بە مانەی خوارەوە هەڵبستێت:

**یەکەم:** دڵنیابوون لەو ڕووداوانەی خراونەتە پاڵ بەڵێندەر لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە کەسانی شارەزا و خاوەن پسپۆڕیی بۆ ئەم مەبەستە، بەو مەرجەی یەکێك لە ئەندامەکانی لیژنە فەرمانبەرێکی یاسایی بێت و بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یاسا.

**دووەم:** پێویستە لەسەر ئەو لیژنەیەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە، بە مانەی خوارەوە هەڵبستێت:

أ- لێکۆڵینەوە لەو ڕووداو و سەرپێچییانەی خراونەتەپاڵ بەڵێندەر.

ب- پێشنیارکردنی ماوەی دانانی لەی ناوی بەڵێندەر لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر دەسەڵاتی پەیوەندیدار داواکاری بێبەشکردن لە بەشداریکردن، کە تۆمارێکی واقیعی ئەو بارودۆخەی وایکردووە ئەم داوایە بکەن لەگەڵ بەڵگەنامەکانی سەلماندن لەخۆبگرێت، پێشکەش بە وەزارەت بکات، بەو مەرجەی ئەمانەی خوارەوەی تیادا ڕوون بکرێتەوە:

أ- ناوی تەواوی بەڵێندەر و پسپۆڕییەکەی.

ب- ناوی تەواوی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا.

جـ- هۆیەکانی دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن.

د- وێنەیەك لەو گرێبەستەی نێوان ئەوان و بەڵێندەر گرێدراوە.

هـ- وێنەیەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوە.

و- ماوەی پێشنیارکراو بۆ بێبەشکردن لە بەشداریکردن.

**ماددەی (١٧):**

**یەکەم:** ئەو بەڵێندەرەی بڕیاردراوە ناوی بخرێتە ناو لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن مافی ناڕەزایەتی هەیە لەسەر بڕیارەکەی لەلای لیژنەی تێڕوانین لە ناڕەزایەتییەکان لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنی بە بڕیارەکە.

**دووەم:** لیژنە لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆیانەی ئەو کەسەی ناڕەزایی دەربڕیوە، دەڕوانێتە ناڕەزایەتییەکە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی ناڕەزایەتییەکە لەلای، و پێویستە وەزیر بڕیاری لیژنەکە پەسەند بکات.

## بەشی حەوتەم

## حوکمی گشتی

**ماددەی (١٨):**

پێویستە لەسەر ئەو بەڵێندەرانەی هەڵگری ناسنامەی پۆلینکردنن ئەوەی لە بڕگەی (هـ)ی بەندی (دووەم)ی ماددەی (١٠)ی ئەم پەیڕەوە دەقنووسکراوە، لە کاتی هەموارکردنی پلەی پۆلینکردنیان باری خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە بگونجێنن.

**ماددەی (١٩):**

فەرمانگە حکومی و لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند دەبن بە پێدانی ئەو زانیارییانەی لیژنەی پۆلینکردنی بەڵێندەران داوای دەکات بۆ ئاسانکردنی ئەرکەکانی لە دڵنیابوون لە لێهاتوویی بەڵێندەر لە ڕووەکانی دارایی و کارگێڕیی و هونەرییەوە.

**ماددەی (٢٠):**

پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم، سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی دێن بخاتە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی پۆلینکردنی بەڵێندەران.

**ماددەی (٢١):**

**یەکەم:** مەبەست لە دەستەواژەکانی سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵە هاتوو لەم پەیڕەوە، ڕێکخراوی پیشەیی تایبەتمەند دەگرێتەوە بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتی ڕێکخراوە پیشەییەکان لە هەرێم.

**دووەم:** پێویستە لەسەر ڕێکخراو و سەندیکا پیشەییە تایبەتمەندەکان لە هەرێم لە حاڵەتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەك لە پشتگیرییەکانیان و ئەو زانیارییانەی پێشتر دراونەتە لیژنە، لیژنەی لێ ئاگادار بکەنەوە.

**ماددەی (٢٢):**

حوکمەکانی ماددەکانی بەشی (شەشەم)ی ئەم پەیڕەوە پیادە دەکرێت بە سەر کۆمپانیاکان و بەڵێندەرانی دابینکردن و دروستکردن و گرێبەستەکانی کار و گرێبەستەکانی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی و گرێبەستەکانی گواستنەوە، بۆ مسۆگەرکردنی مافەکان و بەرژەوەندیی گشتی.

**ماددەی (٢٣):**

پێویستە لەسەر دەسەڵاتی گرێبەستکردن ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکات:

**یەکەم:** پابەندبوون بە پلەکانی پۆلینکردنی دەقنووسکراو لە ماددەی (٣)ی ئەم پەیڕەوە و تێچووەکانی ئیحالەکردنی بەڵێندەرایەتییەکانی دەقنووسکراو لە ماددەی (٤)ی ئەم پەیڕەوە لە کاتی ڕاگەیاندنی کەمکردنەوەکاندا.

**دووەم:** دڵنیابوون لە توانا و لێهاتوویی بەڵێندەر بەو شێوەیەی دەگونجێت لەگەڵ قەبارە و سروشت و جۆری کارەکان بەر لە ئیحالەکردنی هەر گرێبەستێك.

**سێیەم:** لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە ماددەی (٢٤)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، نابێت دەسەڵاتەکانی گرێبەستکردن هیچ پرۆژەیەك بدەنە بەڵێندەرێك، کە هەڵگری ناسنامەی پۆلینکردنی بەڵێندەران نەبێت ئەوەی لە بڕگەی (هـ)ی بەندی (دووەم)ی ماددەی (١٠)ی ئەم پەیڕەوە دەقنووسکراوە.

**چوارەم:** لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە ماددەی (٢٤)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، نابێت کاری هیچ بەڵێندەرایەتییەکی لاوەکی بدرێتە بەڵێندەرێکی لاوەکی، ئەگەر هەڵگری ناسنامەی پۆلینکردنی بەڵێندەران نەبێت ئەوەی لە بڕگەی (هـ)ی بەندی (دووەم)ی ماددەی (١٠)ی ئەم پەیڕەوە دەقنووسکراوە.

**پێنجەم:** پێویستە قەبارەی ئەو کارانەی دەدرێنە بەڵێندەرێکی لاوەکی گونجاو بێت لەگەڵ پسپۆڕیی و پلەی پۆلینکردنەکەی.

**شەشەم:** لە حاڵەتی بەشداریکردنی چەند بەڵێندەرێك لە پلەی جیاواز بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستێکی تەواو، ئەوا بۆ دیارکردنی پلەی پۆلینکردنی داواکراو بۆ هەر بەڵێندەرێك پشت بە تێچووی ئەو بەشە کارەی تایبەتە بە هەر یەکێکیان دەبەسترێت.

**حەوتەم:** دەکرێت بۆ زیاتر لە بەڵێندەرێك لە هەمان پلە و پسپۆڕی بەشداری بکەن لە کەمکردنەوەیەك کە پێویستی بە یەك پلەی بەرزتر هەبێت لە پۆلینکردن، بەو مەرجەی لە کاتی نیشتنەوەی کەمکردنەوەکە ڕێگا نەدرێت بە هیچ کامیان دەستهەڵبگرێت یان خۆی بکێشێتەوە لە ماوەی جێبەجێکردنی گرێبەستەکەدا.

**هەشتەم:** لە حاڵەتی بەشداریکردنی زیاتر لە بەڵێندەرێك لە جێبەجێکردنی یەك گرێبەست، ئەوا شارەزایی هەر بەڵێندەرێك بەگوێرەی ڕێژەی بە شداریکردنی لە جێبەجێکردنی گرێبە ستەکە دیار دەکرێت، و لە حاڵەتی نەبوونی ئەوەی ڕێژەی بەشداریکردنەکە بسەلمێنێت ئەوا تێچووی گرێبەستەکە بە یەکسانی بە سەر ژمارەی بە شداربووان لە جێبەجێکردنی گرێبە ستەکە دابەش دەکرێت، ئەویش بۆ مەبە ستی پۆلینکردن یان هەمواری پلەی پۆلینکردن.

**ماددەی (٢٤):**

وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ دەتوانێت ئەو بەڵێندەرایەتییانەی تێچوویان لە (١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد ملیۆن دینار زیاتر نییە بۆ بەڵێندەری ناپۆلینکراو ئیحالە بکەن.

**ماددەی (٢٥):**

**یەکەم:** پەیڕەوی تۆمارکردن و پۆلینکردن و دیارکردنی پلەی بەڵێندەران لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** کار بە دەقی هیچ پەیڕەوێك یان ڕێنماییەکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم پەیڕەوەدا ناکرێت.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.

**ماددەی (٢٦):**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکەن.

**دووەم:** ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە، و لە دوای بەسەرچوونی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**